evolve
regeneration through partnership

www.evolve-nr.org.uk

بەخێر بێن بۆ ئاژانسی ئیڤۆلڤ (Evolve)

ئاژانسی تازەکردنەوەی گەڕەك (Evolve Neighbourhood Regeneration) پشتگیری دەکات لە کۆمەڵانی ناوچەکە و لەگەڵ شەریکەکان کاردەکات لە گەڕەکەکانی کوینز (Queens)، بێدفۆرد (Bedford )، ورسستەر (Worcester) و هاوتۆرن (Hawthorne)ی سەر بە ناوچەی بووتل (Bootle). ڕۆلی ئێمە ئەوەیە کەوا کۆمەڵـێ ڕێکخراوی فراوان لەیەك نزیك بکەینەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی هاوبەش لەگەڵ دانیشتووانی ناوچەکەو خاوەن پرۆژە بازرگانیەکان کار بکات بە ئامانجی باشترکردنی جۆری ژیانی هەموو کەسێك لە شوێنەکەدا.

خەلکانی ناوچەکە دەکەونە ناو جەرگەی ئیڤۆلڤەوە، نیازی ئێمە ئەوەیە کەوا بکەین خەلك دەنگی خۆیان هەبێ هەروەها ڕێگایان هەبێت کە بتوانن کاربکەنە سەر ئەو بڕیارانەی دەدرێت لەبارەی ئاییندەی ئەو شوێنەی کە تیای دەژین. ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە هان بدەین تاکەکەس و ناوچەکە ڕیزیان لـێبگیرێت و شانازیان پێوە بکرێت.

ئێمە چارەسەری ئەو مەسەلانە دەکەین کە تایبەتن بە ژینگە (پاك و خاوێن ڕاگرتنی ناوچەکە و پاراستنی سەوزایی)، فێرکردن (ڕەخساندنی دەرفەتی فێربوون و گەشە پێدان بۆ خەلکانی تەمەن جۆراوجۆر)، تەندروستی (پێشکەش کردنی ئامۆژگاری پراکتیك و ڕێنومایی کردن لەبارەی ئەوەی چۆن دەتوانیت تەندروستیت باشتر بکەیت)، کار (ڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆ خەلکانی ناوچەکە و کارکردن لەگەڵ شەریکەکانمان بۆ هاندانی پارە خستنەگەری و هێنانەکایەوەی کار)، خانووبەرەی گونجاو (دابین کردنی کۆمەلـێ خانووبەرەی نایاب بۆ بەکرێ گرتن و فرۆشتن و مولکداری هاوبەش) و سەلامەتی کۆمەڵانی ناوچەکە (کۆمەلـێ دەستپێشخەری فراوان هەیە هەر لە دابین کردنی ئامۆژگاری لەبارەی سەلامەتی خانوو تا دەگاتە مامەلەکردن لەگەڵ گەورەترین مەسەلەکانی ڕەفتاری دژ بە کۆمەڵگا و ترسی تاوان).

ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی گوێ لە کۆمەڵانی خەلك بگرین و ئامۆژگاری و پشتگیریان بکەین، ئێمە پابەندین بەوەی ناوچەی بووتل بۆ هەموو لایەك باشتر بکەین.

بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئاژانسی ئیڤۆلڤ، تکایە ناوو ژمارەی تەلەفۆن و ناونیشانت بە ئیمێل بنێرە بۆ:

kurdish@evolve-nr.org.uk